https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2362.13

e-ISSN (2617-0752) p-ISSN (2617-0744)

# ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر پرۆسەی هەڵبژاردن هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان وەک نموونە

مەریوان حەمە عەلی ڕەئوف
Mariwan975@gmail.com

د. ئارام علی فەرەج
aram.faraj@univsul.edu.iq

**پوختە توێژینەوە:**

لەم توێژینەوەیەدا ئەو هۆکارانەی خراونەتەڕوو، کە کار دەکەنە سەر پڕۆسەی دەنگدان و ڕۆڵیان هەیە لە گۆڕینی ئەنجامەکانی هەڵبژاردندا. بەشێک لەو هۆکارانە بریتین لە: پاشخانی کۆمەڵایەتی، ئایدیۆلۆجیا، ئاین و ئابووری. کە هەریەک لەم هۆکارانە بەراوردکراون بە سروشتی هەڵبژاردن و پڕۆسەی دەنگدان لە هەرێمی کوردستاندا چی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان یان ئەو هەڵبژاردنانەی لەسەر ئاستی عیراق ئەنجامدراون. لەم توێژینەوەیەدا هەردوو میتۆدی وەسفیی شیکاری و بەراوردکاری سوودیان لێ وەرگیراوە.

پاش ئەنجامدانی چەند خولێکی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان و تێپەڕاندنی چەند قۆناغێک لە ناتەبایی و کاریگەریی هۆکاری دەرەکی و هەڵکشان و داکشانی باری دارایی خەڵکی بە گشتی و گەنجان بە تایبەتی، هۆشیاریی دەنگدان لە هەرێمی کوردستان بە شێوازێکی بەرچاو گۆڕانکاریی بەسەرداهاتووە، ئۆپۆزسیۆن و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ڕۆڵی کاریگەریان هەبوو لە هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتییان و چاودێریکردن و وروژاندنی شەقامی سیاسی لە هەرێمی کوردستان. ئەگەر چی ئەو گۆڕانکارییانەی بەهۆی هەڵبژاردن دروستدەبن هێواش و لەسەر خۆن، بەڵام گۆڕانکارییەکان گرنگ و ستراتیژین و کاریگەریی درێژخایەنیان دەبێت لەسەر کۆمەڵگا، لەگەڵ ئەوەی لە هەرێمی کوردستان ئەم کاریگەرییە کەمتر دەرکەوتووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێک گۆڕانکاریی سیاسی هێناوەتە ئاراوە کە ئەم توێژینەوەیە گرنگییان پێدەدات.

## ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر پرۆسەی هەڵبژاردن

## هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان وەک نموونە

### پێشەکی:

پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدان یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی بەمۆدێرنکردنی سیاسی و دیموکراسی، ئەگەرچی پرۆسەی هەڵبژاردن وەکو پێشمەرجی سەرکەوتن و بەرقەرارکردنی پرۆسەی بەدیموکراسیکردن ئەژماردەکرێت، بەڵام مەرج نییە لەهەر وڵاتێک هەڵبژاردن ئەنجامدرا ئەو وڵاتە سیستەمێکی دیموکراتی هەبێت بۆ حکومڕانی، بەڵکو لە تەنیشت هەڵبژاردنەوە چەند پێویستییەکی تر گرنگە هەبن بۆ بەرقەرارکردنی دیموکراسی، لەوانە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و ئاڵوگۆڕی ئاشتییانەی دەسەڵاتەکان و مافی هاوڵاتیبوون و سەروەریی یاسا و ئازادیی هەڵبژردن و مافی هەڵبژرادن و خۆکاندیدکردن و...هتد.

لە هەرێمی کوردستان پرۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدان پاشخانێکی قوڵی سیاسی و کۆمەڵایەتی نییە، و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ دوای سەرهەڵدانی خەڵکی کوردستان دژی حکومەتی بەعسی دیکتاتۆر لە بەهاری ١٩٩١. ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٩٢ یەکەم هەڵبژاردن ئەنجامدرا و دامودەزگاکانی حکومەت کەوتنە ژێر فەرمانی یەکەم پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە دواتر ئاڵۆزی و لێکترازان و شەڕی ناوخۆیی لێکەوتەوە، لەگەڵ هەموو ئەوانە هەرێمی کوردستان پابەندبوو بە پرەنسیپی دەنگدانەوە، سەرەڕای هەموو کەموکوڕییەکان جارێکی تر دوای کۆتاییپێهێنانی دەسەڵاتداریتیی بەعس لە ٢٠٠٣ لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، لە ساڵی ٢٠٠٥ دووەم هەڵبژاردنی هەرێمی کوردستان و یەکەم هەڵبژاردنی عێراق ئەنجامدرا، کە هەنگاوێکی ئەرێنی بوو تا

ئێستاش بەردەوامە و چەند خولێکی تێپەڕاندووە، کە لەسەر ئاستی عێراق پێنج خول و لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان پێنج خولن.

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفی شیکارییە و لە دوو بەش پێکهاتووە:

لە **بەشی یەکەم** چوارچێوەی توێژینەوە لە دوو باسدا خراوەتەڕوو، **لە باسی یەکەمدا** ڕێوشوێنەکانی توێژینەوە خراوەتەڕوو کە خۆی لە (کێشە و گرنگی و ئامانجی) توێژینەوە دەبینێتەوە. **لە باسی دووەم،** چەمکەکان خراونەتەڕوو، کە بریتین لە (هەڵبژاردن، بەشداری سیاسی، گۆڕانی سیاسی، ململانێی سیاسی).

**لە بەشی دووەمدا،** ئەو هۆکارانەی خراونەتەڕوو کە کاردەکەنە سەر پرۆسەی دەنگدان و بریتین لە: پاشخانی کۆمەڵایەتی، ئایدیۆلۆجیا، ئاین و ئابووری. کە هەریەک لەم هۆکارانە بەراوردکراون بە سروشتی هەڵبژاردن و پرۆسەی دەنگدان لە هەرێمی کوردستاندا چی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان یان ئەو هەڵبژاردنانەی لەسەر ئاستی عیراق ئەنجامدراون.

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی تیۆری

## باسی یەکەم: کێشە و گرنگی و ئامانج

**یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:** کێشەی زانستیی هەر توێژینەوەیەک "بریتییە لە جۆری ئەو پەیوەندییەی لەنێوان دوو گۆڕاو یان زیاتردا هەیە، یان هەر پرسێکی تەمومژاوییە، یانیش هەڵوێستێکی دیاریکراوی ناڕوونە، کە توێژەر حەزدەکات وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە یانیش لەو هەڵوێستە تێبگات. کێشەی توێژینەوە مەرجێکی سەرەکییە بۆ ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەک، ئینجا ئەوە توێژینەوەیەکی زانستە

سروشتییەکان یان زانستە مرۆییەکان بێت".(زێباری، ٢٠١٨، لا١٢٥) لە ڕوانگەیەکی دیکەدا هاتووە کە: "کێشەی توێژینەوە بریتییە لە چڕکردنەوەی بابەتەکە لە پرسیارێکی کورت و سەرەکیدا، پێی دەڵێن گرفتی توێژینەوەکە یان پرسیاری توێژینەوەکە، کە پرسیاری سەرەکیی توێژەرە و خەمی ئەوە، خولیای وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەیە و بە شوێن ئەودا دەگەڕێت". (شوانی، ٢٠١٥، لا٢٠٢)

پرسیاری سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە ئەویە کۆمەڵناسی چۆن دەڕوانێتە هەڵبژاردن؟ شیکردنەوەی کۆمەڵناسی بۆ هۆکارە کاریگەرەکان لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن و ڕەفتاری سیاسی چۆنە؟ چۆن دەتوانین لەبەر ڕۆشنایی ئەم دیدگا کۆمەڵناسییەدا سروشتی هەڵبژاردن و دەنگادن لە هەرێمی کوردستاندا بخوێنینەوە؟ بۆچی خول لە دوای خول ڕێژەی بەشداریکردنی دەنگدەران کەم دەبێتەوە؟ بۆ ڕوونکردنەوە و بەدواداچونی ئەم پرسیارانە، توێژەر هەوڵدەدات بگاتە وەڵامێکی گونجاو و باوەڕپێکراو لە ڕووی زانستییەوە.

**دووەم: گرنگیی توێژینەوەکە:** بێگومان هەڵبژاردن وەکو پرۆسەیەکی سیاسی ڕەگوڕیشەی لە کوردستان نوێیە و چەند خولێک ئەزموونکراوە، ئەویش بە تێپەڕاندنی چەندین کێشەی سیاسی و ئابووری و سەربازی و کۆمەڵایەتی، لەم سۆنگەیەوە توێژەر بە گرنگی دەزانێت توێژینەوەیەکی زانستی سەبارەت بە بیروڕای دەنگدەران ئەنجامبدرێت سەبارەت بە هەڵبژاردنەکان و کاریگەرییە باش و خراپەکانی لەسەر باری کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگا بە گشتی. ئەوەندەی ئاگاداربین لەم بارەیەوە توێژینەوەی زانستیی کەم لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات بەشدارییەک بێت بۆ خستنەسەرپێی توێژینەوەی ئایندەیی لەبواری هەڵبژاردن و گۆڕانی سیاسیدا، جگە لەوە بەرچاوڕوونی بۆ کارەکتەرەکانی نێو کایەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دەکات، لە

مامەڵەکردن لەگەڵ سروشتی ئەو کێشانەی لە دەرئەنجامی گۆڕانی سیاسی دروستدەبن، کە بە بۆچوونی توێژەر ئەوەش دەبێتە هۆی زیادکردنی خاکەڕاییانە بۆ سەر ئەدەبیاتی کۆمەڵناسی-سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا.

**سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە:**

خستنەڕووی ئەو هۆکارانەی کە کاریگەرن لە پرۆسەی هەڵبژاردندا.

تێگەیشتن لەپەیوەندیی نێوان هەڵبژاردن و گۆڕاوە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکان.

خستنەڕووی هەڵویستی دەنگدەر بەرانبەر بە هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان.

**باسی دووەم: دیاریکردنی چەمکەکان:**

دەستنیشانکردنی چەمک و زاراوەکان لە توێژینەوەی زانستیدا پێداویستییەکی سەرەکییە بۆ توێژەر، بۆ ئەوەی خوێنەر ئاشنابکات بەو بیروبۆچوونانەی کە توێژەر دەخوازێت لە توێژینەوەکەیدا گوزارشتیان لێبکات، بە جۆرێک کە توێژەر لە ئامانجەکەی نزیکدەکاتەوە لەهەمانکاتدا زۆر بابەتیانەش دەبێت، هەر لەبەر ئەوەیە کە چەمکەکان بنەمای تیۆرییەکان پێکدینن. کێشەی پێناسەکردنی چەمکەکان، لە کێشە بنەڕەتییەکانی شیکردنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانە. (بۆکانی،٢٠٢٠، ل٤٦) کە ئەمەش ئەوە نیشاندەدات کە گرنگییەکی زۆری هەیە بۆ پرۆسەی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان. گرنگترین ئەو چەمک و زاراوانەی کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون بریتین لە (هەڵبژاردن، بەشداری سیاسی، گۆڕانی سیاسی و ململانێی سیاسی) توێژەر هەوڵیداوە بۆ

هەریەک لەو چەمکانە چەندین پێناسە بهێنیتەوە، لەهەمان کاتدا بۆ هەر چەمکێک پێناسەی ڕێکاری کراوە:

**یەکەم: هەڵبژاردن:**

هەڵبژاردن وەکو کردەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاسایی پێناسەی جۆراوجۆری هەیە، بۆیە ناتوانرێت تەنها لە پێناسەیەکدا سنووردار بکرێت، هەرچی پسپۆڕ و شارەزایانی بوارە جیاوازەکان لە ڕووی زمانەوانی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاسایی پێناسەیان بۆکردووە.

یەکێک لەو پێناسانە دەڵێ: "هەڵبژاردن هۆکارێکە بۆ بەشدارییپێکردنی گەل لە دروستکردنی بڕیاری سیاسیدا". (فوزی، ١٩٨٥، لا٤٤)

ئەنسکلوپیدیای ئەکادیمیی ئەمریکی بەم شێوەیە پێناسەی هەڵبژاردن دەکات "هەڵبژاردن ڕێگایەکە بۆ دیاریکردنی سەرکردەکان یان بڕیاردان لە ڕێگای پرۆسەی دەنگدانەوە" (البرزنجي، ٢٠٠٢، لا٢٤). بەڵام فەرهەنگی نوی بۆ شیکاریی سیاسی پێناسەی هەڵبژاردن دەکات بەوەی کە "بریتییە لە پرۆسەی دیاریکردنی ئەو کەسانەی کە پلەوپایەیەکی دیاریکراو وەردەگرن لە ڕێگای هەڵبژاردنی دەنگدەران. واتە ئەوانەی دەتوانن دەنگبدەن بەپێی ڕێسا و ڕێوشوێنەکانی سیستەمی هەڵبژاردن". ( البرزنجي، ٢٠٠٢، لا٢٥)

لە پێناسەیەکی دیکەدا هاتووە کە هەڵبژاردن "پرۆسەیەکە کە دەنگدەران پاڵێوراوێک یان چەند پاڵێوراوێک بۆ ئەنجامدانی ئەرکێکی دیاریکراو هەڵدەبژێرن، بە تایبەت ئاماژەیە بە هەڵبژاردنی نوێنەرانی پەرلەمان لەلایەن خەڵکەوە". (احمد، ٢٠١١، ل٧)

پێناسەیەکی دیکە بۆ هەڵبژاردن ئەوەیە کە "هەڵبژاردن بریتییە لە دیاریکردنی کەسێک یان کۆمەڵێک لە نێوان پاڵێوراواندا بۆ تەنها پۆستێکی دیاریکراو یان بۆ پێکهێنانی دەستەیەک بەپێی ئەو مەرج و ڕێوشوێنانەی کە یاسای هەڵبژاردن دیاریکردووە". (حەسەن، ٢٠٠٧، ل٨). یان "ڕێگایەکە تێیدا هاونیشتمانییان یان بەشێکیان هەڵدەستن بە دەستنیشانکردنی ئەو کەسەی کە پێی ڕازین،  تێیدا دەگەنە دەستنیشانکردنی کەسی شیاو بۆ گرتنە دەستی کاروبار یان ئەو ئەرکەی بۆی هەڵبژێردراوە". (خورماڵی، ٢٠٢٠، ل١٣)

لەبەر ڕۆشنایی پێناسەکانی سەرەوە دەتوانین بەم شێوەیە پێناسەی هەڵبژاردن بکەین کە

"هەڵبژاردن ڕێکارێکی گرنگ و کاریگەرە، بۆ دەستنیشانکردنی نوێنەر لەلایەن دەنگدەرانەوە بۆ بەڕێکردنی کاروبارەکانی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو، هەروەها هۆکارێکە بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات بە شێوازێکی ئاشتیانە و مەدەنیانە".

**دووەم: بەشداریی سیاسی:**

بەشداری سیاسی لە ڕووی زمانەوانییەوە، لە دوو بڕگەی بەشداری لەگەڵ سیاسەت پێکدێت، کە بەشداری هێمایەکە بۆ زیندوویەتی و چالاکیی تاک لە کایە جیاوازەکاندا، بە شێوازێک کە بەرزبوونەوەی ڕێژەی بەشداری لەهەر بوارێکی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری...هتد بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاریی تاک و کۆمەڵگاش دەگەیەنێت. سیاسەت هونەری حکومڕانییە، بە جۆرێک کە بە  شێوازێکی ڕێکوپێک و گونجا و بۆ بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی ئۆرگانەکانی حکومڕانی لە هەموو لایەکیەوە، کە چەندین جۆر و شێوازی سیستەمی سیاسی لەنێوان دەوڵەتانی جیهان لە کۆن و نوێدا پەیڕەودەکرێت، "زیندوویەتی ژیان و کۆمەڵگا

پێشکەوتووەکان بەندە بە ڕادەی هۆشیاریی هاوڵاتییان و ئاستی بەشداریی سیاسی لە کایە جۆراوجۆرەکانی ژیان، کە لە دنیای ئەمڕۆدا پێوەری دیموکراسی و دامەزراوەی بەڕێوەبردن، بەوە پێوانە کراوە کە تا چ ڕادەیەک هاوڵاتییان بەشدارن لە پڕۆسەکانی ژیاندا". (عەلی، ٢٠١١، لا١٣)

"جۆن ستیوارت میل" پێیوایە کە "یەکێک لە هێماکانی حکومەتی ئازاد کە هەڵبستێت بە گەشەپێدانی مێشک و ویژدانی هەموو تاکێکی کۆمەڵگا، کە ئارەزووی بەشداریکردنیان هەیە لەو کاروبارانەی کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەرییان هەیە بەسەر بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات، هەروەها لە چوارچێوەی ئەم بەشداریکردنەدا هەوڵی ئەوە دەدرێت کە تاک فێری بەرپرسیارێتی بکرێن، دەتوانین بڵێین بەپێی پێوەرە دیموکراتییەکان، ئەگەر تاک بەشداری نەکات لەو بڕیارانەی کە کاریگەرییان هەیە لەسەر ژیانی ئەو، ئەمە بە خنکاندنی تاک لە ناخی خۆیدا هەژماردەکرێت". (صابر، ٢٠١٦، لا٢٧و٢٨)

"د. کمال المنوفی" بەم شێوەیە پێناسەی بەشداری سیاسی دەکات "سووربوونی تاکە لەسەر ئەوەی ڕۆڵێکی ئیجابی هەبێت، لە ژیانی سیاسی و لەمیانیەی دەستبەکاربوونی ئیرادە لە مافی دەنگدان یان کاندیدکردن بۆ دەزگایەکی هەڵبژێردراو یان گفتوگۆی بابەتە سیاسییەکان لەگەڵ کەسانی تر یان چوون و بەشداری لە ناوەندی ڕێکخراوەکاندا". (عەلی، ٢٠١١، لا١٧).

"هنگتۆن و نلسۆن" وا پێناسەی بەشداریی سیاسییان کردووە کە "ئەو چالاکییەیە کە هاوڵاتییان پێیهەڵدەستن بە مەبەستی دروستکردنی کاریگەری لە پڕۆسەی دروستکردنی بڕیارە حکومییەکان، ئەم چالاکییەش بە شێوەی تاک یان گروپ بن، خۆڕسک یان ڕێکخراو بن، بەردەوام یان

پچڕپچڕ بێت، بە شێوەی ئاشتی یان توندوتیژبێت، ڕەوا یان ناڕەوابێت، چالاک یان ناچالاک بێت". (بیبرس، ٢٠١٢، لا٤٤)

ئەو دیدگایەی ئێمە لێرەدا دەربارەی بەشداریی سیاسی پشتیپێدەبەستین وای دەبینین کە " ئەو پرۆسەیەیە کە تێیدا تاک بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ڕۆڵی خۆی لە ژیانی سیاسیدا دەگێڕێت، بە ئامانجی بەدیهێنانی گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری، چ لەسەر ئاستی تاک و چ لەسەر ئاستی گشتیی کۆمەڵگا".

## سێیەم: گۆڕانی سیاسی:

گۆڕانی سیاسی وەکو چەمک بە چەندین شێوە پێناسەکراوە، لەوانە: "واتای بەشێک یان تەواوی سیاسەتێک جێی خۆی بداتە سیاسەتێکی دیکە، بە شێوەیەک کە لە نێوانیاندا هەست بە جیاوازیەکی واتادار بکرێت". (محمدی،٢٠١٩،لا١٣١).

سەبارەت بە گۆڕانی سیاسی پێیوایە کە "هەڵبژاردن لە دەوڵەتە دیموکراسییەکاندا، شێوەی ئاسایی گۆڕینی دەسەڵاتە و دەساودەستکردنی دەسەڵات لە نێوان پارتە سیاسییەکاندایە، بەڵام ڕێژەی ئەو گۆڕانە بەپێی هەلومەرجە جیاوازەکان دەگۆڕێت". (بەشیریە، ٢٠٠٩، لا٢٣١).

"دانکوارت ڕۆستۆ" بەو شێوەیە پێناسەی گۆڕانی سیاسی دەکات کە "پرۆسەی بڕیاردانە کە سێ هێزی خاوەن پاڵنەری جیاواز بەشدارن تێیدا، کە بریتین لە سیستەم و ئۆپۆزسیۆنی ناوخۆ و هێزە دەرەکییەکان، کە هەر لایەنێک هەوڵی لاوازکردنی ئەوی تر دەدات و دەرئەنجامی کۆتایی دیاریدەکرێت، بەپێی لایەنی گۆڕاو لەو کێبڕکێیەدا". (صابر، ٢٠١٦، لا٢١)

له کتێبی کۆمەڵناسیی جەنگ پێیوایەکە "ئەو گۆڕانکارییە سیاسییانەی بەهۆی جەنگەوە دروست دەبن مەرج نییە بە حەتمی مانای پێشکەوتن بن، ئەم گۆڕانکارییانە دەتوانن دەوڵەتی سیاسی بۆ قۆناغی سەرەتایی بگێڕنەوە". (بۆتۆل، ٢٠٠٦، ل٩٤).

لەژێر ڕۆشنایی ئەو پێناسانەی سەرەوە دەتوانین پێناسەی ڕێکاری گۆڕانی سیاسی بکەین بەوەی کە بریتییە لە: "گۆڕینی هەموو یان بەشێک لە سیستەمی سیاسی، کە دەکرێت گۆڕانکاری نەرم بێت وەک لە ڕێگای هەڵبژاردن، یان گۆڕانێکی توند و زبر بێت وەکو کودەتا یان شۆڕش".

**چوارەم: ململانێی سیاسی:**

ململانێ لە ڕووی زاراوەییەوە لە بناغەوە وشەیەکی لاتینیە کە لە (Configeve)وەرگیراوە، هەروەها وەکو چەمک ڕەگوڕیشەیەکی کۆنی هەیە، کە بەپێی قۆناغەکانی گەشەی مرۆڤ ئەویش گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ململانێ لە هەموو کایەکانی (کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری...هتد)، هەیە لە ململانێ لەنێوان تاک و کۆمەڵە و گروپەکان یان چینە جیاوازەکان بە توندوتیژی و لەدەستدانی گیانی ئەوانی تر کۆتایی پێدەهات، تا سەرهەڵدانی بیری دیموکراسی و گەشەکردنی، شێوازی ململانێ گۆڕانی بەسەردا دێت و بە شێوەیەک کە ململانێیەکان بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە و گرفتەکان بە شێوازی نەرم و ئاشتیانە لە ڕێگای گروپەکانی فشار، هەڵبژاردن و خۆپیشاندانی ئاشتیانەوە ئیدارەی ململانییە سیاسییەکان دەکرێن.

لەم بارەیەوە چەندین پێناسە سەبارەت بە ململانێی سیاسی کراوە و جێگای بایەخ و گرنگیی توێژەر و زانایان بووە، لەوانە: فرۆید "سەرچاوەی هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤی بۆ نەست و نائاگایی گەڕاندتەوە، هەردوو غەریزەی عەشق و مردنی بەبزوێنەر و هاندەری

سەرەکیی ڕەفتارە مرۆییەکان زانیوە، غەریزەی عەشقی بە بنەما و بناغەی ژیان، بونیاتنان، هاوکاری، شارستانیەت، خوازە خێزانییەکان و مرۆڤایەتییەکان زانیوە، غەریزەی مردنیش هاوکاری سەرەکی تێکدان و شۆڕشەکان، ململانێ، ڕکابەرایەتی و پیاهەڵشاخانەکانی دەزانی" (بەشیریە، ٢٠٠٩، لا٤٨).

"مارکس" پێیوایە کە "ململانێ لە کۆمەڵگادا لە جیاوازیی پەیوەندی مرۆڤ بە هۆکارەکانی بەرهەمهێنانەوە دروستدەبێت کە بە شێوەیەکی دوانەیی (الثنائی) بۆ ململانێ و چینایەتی سەردەکێشێت و لە هەموو لایەنێکی ژیانی کۆمەڵایەتیشدا ڕەنگدەداتەوە" (سەمیرە، ٢٠٠٧، لا٦٦).

میکاڤیلی و هۆبس پێناسەی ململانێی سیاسی دەکەن بەو شێوەیەی کە "ڕەفتاری تاکەکان بەپێی بەرژەوەندی و ویستەکانی خۆیان ڕووندەکرێتەوە لە دونیایەکی مادی پڕهەڕەشە و توندوتیژی، ڕێکخستە کۆمەڵایەتییەکە وەک ئەوە وێنادەکرێت کە لە سەر بنەمای فشارێکی ڕێکخراو بنیاتنرابێت، پانتاییەکی ئایدۆلۆژی بیروباوەڕیش هەیە (ئاین ویاسا) لەگەڵ جیهانێکی بەرچاوی ململانێکردنی دەسەڵات، فکری و مۆراڵ لە پێش کارلێکردنە کۆمەڵایەتییەکان نین، بەڵام لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دروستدەبن و خزمەتی بەرژەوەندیی پارتەکان دەکەن لە ململانێکەدا" (کۆلینس، ٢٠١٤، لا٧٤).

لە ڕوانگەی ئەو پێناسانەی سەرەوە دەتوانین بەمجۆرە پێناسەی بۆ ململانێی سیاسی بکەین: "ململانێی سیاسی دروستدەبێت لە ئەنجامی ناهاوسەنگی و ناعەدالەتی و یەکتر قبوڵنەکردن، لە نێوان کۆمەڵە و گروپە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، یان لە نێوان تاکەکاندا بە جۆرێک هەندێکجار سەردەکێشێت بۆ توندوتیژی، هەندێ جاریش ململانێکان هاوکارن بۆ باشترکردن، چاکسازیی ئیداری، سیاسی و کۆمەڵایەتی".

## بەشی دووەم: ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر پرۆسەی دەنگدان:

### یەکەم: پاشخانی کۆمەڵایەتی:

لە بەشێکی سەرچاوە و توێژینەوەکاندا پاشخانی کۆمەڵایەتی وەک هاوتای باری کۆمەڵایەتی – ئابووری تاکەکان ئاماژەی پێکراوە. لە هەندێکی دیکەدا، هەم بە واتای پاشخانی کۆمەڵایەتی و هەم وەک هاوتای چینی کۆمەڵایەتی هاتووەوە. مەبەستمان لە پاشخانی کۆمەڵایەتی لێرەدا: ئەو گۆڕاو و تایبەتمەندییە کەسییانە دەگرێتەوە کە ئامادەسازی و ئاستی بەشداریی تاکەکان لە گۆڕەپانی بەشداری سیاسیدا دیاریدەکەن (ئەحمەد، ٢٠٢٠، ل٢١٣).

پاشخانی کۆمەڵایەتیی هەر کۆمەڵگە و نەتەوەیەک پەیوەندی بە کلتوور و سیستەمی پەروەردە و حکومڕانییەوە هەیە، هەموو ئەو بزاوت و چالاکی و گۆڕانکارییانە دەگرێتەوە کە لە سەرجەم بوارەکاندا دروستدەبێت، جا بەهۆی دابونەریت و خێڵگەرایەتییەوە بێت یاخود بەهۆی مێژوو، لەگەڵ ڕووداوەکاندا بێت. گۆڕانکارییە مێژووییەکان بۆ زۆر لە میلەتان بۆتە سەرمایەیەکی گەورەی مرۆیی و بۆتە وەرچەرخانی گەورە لە خزمەتگەیاندن بە مرۆڤایەتی و ڕەوتی پێشکەوتن و گەشەسەندنی سەرجەم بوارەکانی ئابووری، سیاسی و ڕۆشنبیری.

بێگومان پرۆسەی هەڵبژاردن کە بۆتە ئامرازێکی گرنگی سیاسی بۆ دەستاودەستکردنی دەسەڵات و باشتر بەڕێوەبردنی کۆمەڵگە، بەرهەمی ئەو گۆڕانکاری و پاشخانە کۆمەڵایەتییانەیە کە ئەم پرۆسەیەیان بەرهەمهێناوە. بە جۆرێک لە ئێستادا زۆرینەی وڵاتانی دونیا پەیڕەوی لێدەکەن و وەکو پرۆسەیەک بۆ ڕێکخستنی چالاکیی سیاسی ڕەچاوی دەکەن، ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر ئاڕاستەی سیاسیی

تاکەکەس لە بەرانبەر پرسە سیاسییەکاندا. ئەگەر هەندێک بە وردی تەماشابکەین بە ڕوونی دەبینین پاشخانی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر ڕەوتی قۆناغەکانی پێشکەوتن و گەشەی هۆشیاریی سیاسیی کۆمەڵگاکان هەبووە (ستێگمان، ١٩٩٥، ٩٦٦).

گۆڕاوەکانی وەک: ئاین، کلتوور، دابونەریت، هۆزگەرایەتی و خزمایەتی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی و سیاسیی تاک هەیە، ئاشکرایە لەو کۆمەڵگەیانەی کە تاکەکەس خاوەنی مافەکان و بنەماکانی هاوڵاتی بوونە، خۆی خاوەن بڕیاری خۆیەتی، پڕۆسەی دەنگدان جۆرێک لە پێشکەوتن بەخۆیەوە دەبینێت بە جۆرێک کە  بە بەهای دەنگدان و قورسایی ئەو تاکە دەردەخات کە دەنگدەدات. بەو جۆرە  دەنگدەر لە بارودۆخێکی دەروونی تا ڕادەیەک جێگیردەبێت، کە ئەوەش وای لێدەکات لە بری لایەنگری بۆ سۆز و عاتیفە و ناوچەگەریێتی، دەنگ بە بەرنامەی کار بدات. ئەوەش ڕوونە تەنیا پڕۆسەی هەڵبژاردن و هاوبەشیکردنی هاوڵاتییان بۆدەنگدان بەس نین بۆ ئەوەی سیستێمێکی دیموکراتی هەبێت، ڕاستە هەڵبژاردن لە پایە بنچینەییەکانی دیموکراسییە، توێژەر پێیوایە مەرجە پڕۆسەی هەڵبژاردن و دەنگدان خۆیان ئەو بەهایەیان هەبێت کە ببن بە بنەما بۆ بوونی سیستێمێکی دیموکراسی لە بوارە جیاجیاکاندا. لە کۆمەڵگا دیموکراسیەکاندا  هەڵبژاردن و  دەنگدان  بۆ ئەو  مەبەستەن کە سیتستێمێک بەرهەمبهێنن، کە دەنگدەر لە سایەیدا هەست بە بوونی خۆی و پاراستنی شکۆ و کەسایەتیی خۆی بکات.

لە پڕۆسەی دەنگدان لە کۆمەڵگای کوردیدا، وەک یەکێک لەو کۆمەڵگایانەی لە قۆناغی سەرەتای گەشەسەندندایە، هەرچەندە بەشێک لە نووسەر و توێژەران پێیانوایە ئێمە قۆناغی سەرەتاییمان تێپەڕاندووە وەک کات، بەڵام ئەگەر دەیان ساڵی تریش کار لە سەر پێشکەوتنی کۆمەڵگا

نەکرێت هەر بەم شێوەیە دەمێنێتەوە، جیاوازییەکی دیار و ئاشکرا دەبینرێت لەگەڵ دەنگدان لە کۆمەڵگا پێشکەوتوەکان_لە ڕووی دیموکراسییەوە، لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا تاک خاوەنی شوناسی خۆیەتی، ئەوەش وایکردووە کە هەست بە بەرپرسیارێتی بکات و بەو ڕۆحیتەوە بەشداریکردنی لە پرۆسەکانی هەڵبژاردن و دەنگداندا بکات، ئەمەش وادەکات کە ئاراستەی پەیوەندییەکانی نێوان خەڵک و دەسەڵات لە ستوونی بگۆڕێت بۆ پەیوەندیی ئاسۆیی (ئاسۆیی بوونیش لە پەیوەندییەکاندا زەمینەسازی دەکات بۆ بوون یان بنیادنانی یەکسانی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی). (قەرەداغی،٢٠١٣) بەوەش دەبینین کە پەیوەندییەکان و شێوازی فەرمان دەگۆڕێت بۆ ئاسۆیی کە دەبێتەهۆی ئەوەی زۆرینەی داموەزگا کۆمەڵایەتییە تەقلیدییەکانی نێو کۆمەڵگا بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەچن، کە مەبەست هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوەکانی خێڵ و عەشیرەت و مەزهەب و ئاینە.

توێژەر پێیوایە لە کۆمەڵگای نەریتی و تازەگەشەسەندووەکاندا، کاریگەریی دەنگدان لەسەر ئەو نوخبەیەی بڕیاریان بە دەستە زۆر کەمە، بۆیە ئەو دەنگەش کە لە هەڵبژاردنەکانی ئەمجۆرە کۆمەڵگایەدا دەدرێت قورسی و بەهایەکی وای نابێت، چونکە بەردەوام دەنگی لوتکەی هەرەمەکە لە دەنگی خوارەوە بەهێزترە، بە مانایەکی تر دەنگ کاتێک بەهای ڕاستەقینەی دەبێت کە لە کۆمەڵگەدا شێوازی بڕیاری هەرەمی هەڵبوەشێنێتەوە.

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە زەمینەی دەنگدانی دروست ئامادەگی نییە، چونکە کلتووری باو لە کۆمەڵگەی پەیوەندیی هەرەمیدا ئەو کلتوورەیە کە تاک نەبووەتە خاوەنی شوناسی تاکەکەسی خۆی هەتا توانای ئەوەی هەبێت ئازادانە هەموو بڕیارەکانی خۆی بدات، بە بڕیاری بەشداریکردن یان بەشدارینەکردنی دەنگدان و هەڵبژاردن" (قەرەداغی،

٢٠١٣). واتە لەم کۆمەڵگایانەدا دەنگدان بۆ ئەو لایەنە یان ئەو قەوارە سیاسییەیە کە تاکەکانی سەربەون، کە لەوانەیە ئەو پێکهاتەیە یەکێک بێت لە دامەزراوەی خێڵ، حیزب، ئاین، مەزهەب یان ئەشێت دەنگدان بێت بە کەسی یەکەمی ئەو دامەزراوەیە.

هەڵبژاردن وەکو پرۆسەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کلتووری لە مێژووی کورددا پێشینەیەکی قوڵی نییە، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرتاکانی ساڵانی نەوەدی سەدەی ڕابردوو، واتە (١٩٩٢) یەکەمین خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئەنجامدرا. لەو هەڵبژاردنە و بەشێکی هەڵبژاردنەکانی دواتریشدا، ئەوە تێبینیدەکرا کە کردەی هەڵبژاردن تا ئاستێکی بەرچاو کاریگەربووە بە هەست و سۆز و خزمایەتی و بەرژەوەندیی حزبایەتی، بە جۆرێک تا ئێستاش لە هەندێ ئاست و لە دیدی چەند توێژێکی کۆمەڵایەتی ئەم کۆمەڵگەیەدا سروشتی دەنگدان بەم شێوەیەیە، واتە لەبری دەنگدان بە بەرنامە، دەنگدان بە دامەزراوەی حیزب یان تاکەکەسی لوتکەی هەرەمەکە بەدیدەکەین. هەر بۆیە ئاشکرایە کە دەنگدەرانی حیزبەکانی کوردستان لە هەڵبژاردنێکەوە بۆ هەڵبژاردنێکی تر گۆڕانکاریی گەورەیان بەسەردانەهاتووە لە گۆڕینی پێکهاتەی حکومەت، هەرچەندە لە ساڵی ٢٠٠٩ بە دروستبوونی بزوتنەوەی گۆڕان گۆڕانکاری لە پێکهاتەی کورسییەکانی پەرلەمان دروستبوو بەوەی کە ٢٥ کورسی پەرلەمانییان بە دەستهێنا، هەروەها  لە دوایین هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عیراق  گۆڕانی بەرچاو لە ڕێژەی دەنگداندا دروستبوو.

لەگەڵ ئەوانەشدا، دەبێ لە سەر خاڵێک هەڵویستە بکەین کە لەم چەند ساڵەی دواییدا لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا تێبینیدەکەین، ئەویش لاوازبوونی هێزی ئەو پاشخانە کۆمەڵایەتی و کلتورییەیە لەسەر دەنگدەر بە تایبەت لە دواهەمین هەڵبژاردندا. بەشێکی ئەمە پەیوەندی هەیە بە پێداویستی و بژێویی ژیانی خەڵکەوە. واتە خەڵک هێندەی چاویان لە سەر

ئەوەیە ئەو گۆڕانکارییانە سروشتی ژیانی ئەوان بگۆڕێت و بەرەو باشتری بەرن، هێندەی چاوی لەسەر مێژووی پارتەکان و کاریگەریی پاشخانی کۆمەڵایەتی و کلتورییەوە نییە واتە چاوی لە سەر ئێستا و گوزەران و داهاتووی خۆی و نەوەکانیەتی. کاتێکیش دەزانێ کە داواکارییەکانی لە هیچ کام لەم هێزانەدا نادۆزێتەوە، ئیدی خۆی بەدوور دەرگرێ لە بەشداری لە پڕۆسە سیاسییەکاندا لە پێش هەموشیانەوە بەشداری لە دەنگاندا. ئەم دۆخە لە نێو توێژە جیاجیاکان و ئاستە جیاجیاکانی تەمەندا ئامادەگی هەیە، بەڵام لە نێو توێژی گەنجاندا ئەم دۆخە زیاتر بەدیاردەکەوێت.

**دووەم: ئایدیۆلۆجیا:**

لە هەرێمی کوردستاندا، نەریتێکی سیاسی بۆتە باو کە پارتە سەرەکییەکان و هەندێک لە پارتەکانی دیکەش کە دەیکەنە پاساوی بەردەوامی لە دەسەڵات و لە ڕێگەی میدیاکانەوە ئەم پاساوە دەکەنە هۆکارێکی کاریگەر لە پڕۆسەی هەڵبژاردندا، ئەویش شەرعیەتی شۆڕشگێڕییە، کە ئەمەش دیدگایەکی خێڵەکییە بۆ سیاسەتکردن. بۆ نموونە، سەرکردەیەکی دیاری یەکێک لە پارتە سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان  لە چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنیدا بە ڕاشکاوانە دەڵێت "یەکێتی ئەگەر یەک کورسیش بهێنێت هەر یەکێتییە" (ڕووداو، ٢٠١٨). ئەم تێڕوانینە بۆ دەسەڵاتداریێتی، هەمان تێڕوانینی ئەو پارتانەشە کە بانگەشەی ئەوە دەکەن کە شەرعیەتی شۆڕشگێڕییان هەیە و حەق بەخۆیان دەدەن کە لە لوتکەی دەسەڵاتدا بمێننەوە. کە ئەمەش لە ڕاستیدا هێندەی زاڵکردنی دیدگایەکی ئایدیۆلۆجییە، هێندە کارکردن نییە لەسەر داخوازیی خەڵک و باشترکردنی بژێوی، کە پاڵنەری سەرەکی خەڵکین بۆ بەشداریکردن یان نەکردن لە پڕۆسەی دەنگداندا.

لە هەرێمی کوردستان ئەو چەند هەڵبژاردنەی کە ئەنجامدراوە، لە هەر هەڵبژاردنێکدا گۆڕانێکی بەرچاو دەبینرێت، ئەگەرچی ئەو گۆڕانکارییەش لە ڕووی گۆڕینی فۆرمی دەسەڵاتەوە نەبێت، بەڵام هۆشیاریی تاکی کورد و بەئاگابوونەوەی دەسەڵات لەو هوشیارییەی خەڵک، ناچار بە گۆڕانی فۆڕمی حکومڕانی دەکرێتەوە، ئیدی چیتر ئایدیۆلۆجیای شەرعیەتی شۆڕشگێری هێز و کاریگەریی پێشتری نەما.

گەر لە پێشتردا، ئایدیۆلۆجیای باو زیاتر ئایدیۆلۆجیای ئەو پارتانە بێت کە جڵەوی حکومڕانی و دروستکردنی بڕیار دەکەن لە هەرێمی کوردستاندا، ئەوا لەگەڵ دروستبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی جیاواز و بەهێز لە هەڵبژاردنەکانی (٢٠٠٩) و "دروستبونی بزووتنەوەی گۆڕان، قۆناغێکی نوێ لە مێژووی کاری سیاسي لە هەرێمی کوردستاندا هاتەکایەوە. کاریگەرییە گەورەکانی ئەم بزوتنەوەیە لە ماوەی نێوان (٢٠٠٩ – ٢٠١٧) ڕەنگدانەوەی زۆریان هەبوو" (حەکیم و ئەمیر،٢٠٢٠،ل٢٠٩). دەرکەوتنی وەک هێزێکی سیاسی نوێ گۆڕانکاری بەسەر جۆری پەیوەندی و ڕێککەوتنی نێوان لایەنە سیاسییەکان هێنا بۆ چۆنیەتیی دروستکردنی حکومەت و فۆرمی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستان، کە ئەو بزوتنەوەیە "بزافی گۆڕان بە شێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش سەریهەڵدا، یەکەم جار بۆماوەیەکی زۆر لە دوو فەزای دابڕاو لەیەکتر، یەکێکیان لەناوەوە (لەناو حزب) و یەکێکی تریش لە دەرەوە (دەرەوەی حزب) ئەم ناوەوە و دەرەوەیە لە لیستی گۆڕاندا یەکتریانگرت و بەم شێوەیەش ڕوانگەیەکی نوێ لە سیاسەتکردن هاتەکایەوە، کە بزافی حزبی و بزافی جەماوەری بەیەکەوە گرێدەدات" (یاسین، ٢٠١٦، ل٢٠٠). کە ئەم شێوازە لە سیاسەتکردن ئومێدێکی زۆری لای خەڵک دروستکرد، کە کەمتر پشتی بە مێژوو و شەرعیەتی شۆڕشگێری بەستبوو، هەرچەند سنووری کاریگەرییەکەی زیاتر لە سنووری پارێزگای سلێمانی و دەوروبەریدا بوو.

لەگەڵ ئەوەی گوتاری ئۆپۆزسیۆن دینامیەکیەتی سیاسی دروستکرد و بووە هۆی دروستبوونی گردبوونەوە و خۆپیشاندان و نارەزایەتی چین و توێژە جیاوازەکان، کە ئەمیش هۆکارێکی کاریگەری ئەو گۆڕانە مەعریفییەیە کە بەسەر تاکی کوردیدا هات، بەڵام لە دواتردا کاریگەریی گەورەی هەبوو لە سەر دروستبوونی جۆرێک لە بێمتمانەیی لای دەنگدەر. ئەمە جگە لەوەی کە ئۆپزسیۆن خۆیشی شکستیهێنا لە دروشم و بانگەشەکانیان بۆ هەڵبژاردنەکان و جۆری سیاسەتکردنیان، بە تایبەتی بزوتنەوەی گۆڕان کە خەڵکی چاوەڕوانی زۆر زیاتری لێیان هەبوو، بەڵام لە کۆتاییدا خەڵک پێیوایە ئەوانیش نموونەیەکی جیاواز نەبوون لە بەڕێوەبردن و بەشداریکردنیان لە پرۆسەی حکومڕانی لە هەرێمی کوردستان و ئەم بزوتنەوەیە زیاتر جوڵەیەکی ئایدیۆلۆجی بوو لە بەرانبەر دەسەڵات و مەرامی گەیشتن بە پێگە سەرەکییەکانی حوکمڕانی لە هەرێمی کوردستاندا نەوەک دروستکردنی گۆڕانێکی ڕیشەیی وەک ئەوەی بانگەشەیان بۆ دەکرد.

سەبارەت بە هەڵبژاردنەکان لەسەر ئاستی عیراقدا و بەوپێیەی هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق و بەپێی ئەو دەستوورەی، کە لە ١٥/ ١٠/ ٢٠٠٥ لە ڕیفراندۆمێکی سەرتاسەریدا (٧٨،٥٩% )ی گەلانی عێراق بە بەڵێ دەنگی پێداوە" (سۆفی ٢٠٠٧، لا ١٨٥) بە هەرێمی کوردستانیشەوە، بەڵام نە ئەم دەستوورە و نە هەڵبژارنەکان لەسەر ئاستی عیراقدا، نەیانتوانیوە گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە پێگەی کورد لەم دەوڵەتدا بەهێزبکەن، بەردەوام گرژی و ئاڵۆزی بە هۆکاری جیاجیا لە سروشتی پەیوەندیی نێوان ئەم دوو لایەنەدا هەبووە، کە ئەوەش ڕەوشێکی ناسەقامگیری سیاسی و ئابووری لە هەرێمی کوردستان دروستکردوە "دەبینین لەناو لایەنە سیاسیەکانی عێراق بە شێوەیەکی گشتی جگە لە فاکتەری هێز، هیچ فاکتەرێکی تر نییە بۆ تێگەیشتنێکی هاوبەش بۆ پرۆژەی بونیادنانەوە دروست بێت، هەموو ئەوانەش

گوشاری ئەو هێزە دەرەکییەیە کە مەبەستێتی دەوڵەتی عێراق بەوشێوەیە بونیات بنرێتەوە کە خۆی ئامانجیەتی" (نەجار،٢٠٢١،ل٤٨٨). هەموو ئەوانە بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر پرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردنیش لە هەرێمی کوردستان هەیە، و دەتوانین بڵێین پرسی هەڵبژاردن لەم ئاستەدا جۆرێک لە بێمتمانەیی لای خەڵکی دروستکردووە کە هەڵبژاردن ناتوانێ گۆڕانکاریی گەورە لە پێگەی کورد لە عێراقدا دروستبکات یاخود شێوازی پەیوەندیی نێوان هەرێم و ناوەند بگۆڕێت بەرەو ئاقارێکی باشتر. ڕەنگە یەکێک لە هۆکارەکان سروشتی مامەڵەکردنی هێزە کوردییەکان بێت لە بەغداد کە هێندەی سەرقاڵی ئەجێندا سیاسی و ئایدیۆلۆجیەکانن هێندە سەرقاڵی پرسە نەتەوەییەکان نین.

### سێیەم: ڕەفتاری سیاسی:

بەشداریی سیاسی و مافی دەنگدان بە یەکێک لە نیشانە سەرەکییەکانی ڕەفتاری سیاسی و بەئاگایی هاووڵاتییان دادەنرێت. هەر تاکێک ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە لەوەی بەشداری لە پرۆسەی دەنگداندا بکات. تیۆرەکانی ڕەفتاری سیاسی وەک لایەنێکی زانستی سیاسی هەوڵدەدەن ئەو کاریگەرییانە لێکبدەنەوە کە ڕۆڵیان هەیە لە پێکهێنانی تێڕوانین و ئایدۆلۆژیا و ئاستەکانی بەشداریی سیاسیی مرۆڤدا. نەبوونی توندوتیژیی سیاسی بەڵگەیە لەسەر سەقامگیریی سیاسی و یەکێک لە فاکتەرەکانی نەهێشتنی توندوتیژیی سیاسی بریتییە لە: "بەشداریی چالاکانەی هاووڵاتییان لە پرۆسەی سیاسی بەبێ وەلانان و کۆنترۆڵکردنی هیچ کەس و لایەنێک، بەهۆی جیاوازبوونی لە: بیروباوەڕ، ڕەگەز، ڕەنگ، نەتەوە، ئاین یان هەر جیاوازییەکی تر. یەکێک لە ئەنجامە گرنگەکانی بەشداریی سیاسی بریتییە لە دەساودەستکردنی دەسەڵات، نەبوونی توندوتیژی لە پرۆسەی هەڵبژاردن و دەستاودەستکردنی

دەسەڵات بە واتای ئاشتیانەی پڕۆسەکە دێت، ئەمەش ئامانجی سەرەکیی هەر سیستەمێکی هەڵبژاردنە" (ئافەند، ٢٠٢٠).

تیۆرەکانی ڕەفتاری سیاسی وەک بابەتێکی نێو کۆمەڵناسی سیاسی هەوڵدەدەن ئەو کاریگەرییانە لێکبدەنەوە کە تێڕوانین و ئاڕاستەی سیاسی مرۆڤ دیاریدەکەن. ڕەفتاری سیاسی بەشێکە لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، کە ئەمیش بریتییە لە: "کۆی ئەو کردار و ئاراستانەی کە بەهۆیانەوە تاکێک یان گروپێک لە بەرانبەر هەڵوێستێکی دیاریکراو کاردانەوە نیشاندەدات" (ئەحمەد، ٢٠١١، لا٤٣-٤٤). ڕەفتاری کۆمەڵایەتی فۆرمی جۆراوجۆری هەیە کە یەکێکیان ڕەفتاری سیاسییە، ئەویش بریتییە "لەو جوڵە و ئاراستانەی کە لەسەر ئاستی تاک یان گروپ و دامەزراوە سیاسییەکاندا ڕووەو پرسە سیاسییەکان دەکرێن" (دیوتش،٢٠٢٠).

گەر لەم سۆنگەیەوە سەرنجێک لە دۆخی هەرێمی کوردستان بدەین، ئەوا دەبینین لە کاتی نزیکبوونەوە لەوادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان، پارتە سیاسییەکان ڕەفتاری سیاسی و ئاڕاستەیان بەرانبەر بەیەکتری توندتر دەبێت و دەکەونە بەکارهێنانی توندوتیژی، جا لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یان ڕاگەیاندنەکانی خۆیانەوە بێت کە تاڕادەی یەکتر شکاندن و ڕق لەیەکتر بوونەوە دەڕوات، کە بە جۆرێک کاریگەری لەسەر ڕەفتاری دەنگدەریش دروست دەکات لە بەشداریکردن یان نەکردن لە هەڵبژاردنەکان. لە ململانێی هەڵبژاردندا تا ڕادەی گەڕانەوە بۆ ڕووداوەکانی ڕابردوو و گێڕانەوەی ڕووداوە توندوتیژەکانی نێو قۆناغی شۆڕش و شەڕی ناوخۆ دەڕۆن، ئەویش بە ئامانجی کارکردن لەسەر سایکۆلۆژیای دەنگدەر تاکو لە بەرژەوەندیی ئەوان بەشداریی پڕۆسەکە بکەن. بۆ ئەوەی ئەم کردەیەش مەیسەر بێت کار لەسەر بنکەی جەماوەری یەکتری دەکەن، بە جۆرێک دەبێتە بەشێک لە کڕین و فرۆشتنی دەنگی دەنگدەرانیان. زۆرجار قوڵبوونەوەی ئەو دژایەتیکردنەی

کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن پەیوەندی لایەنە ڕکابەرەکان گرژی تێدەکەوێت و درێژەدەکێشێت بۆ ماوەیەکی درێژتر "ئەم جارەیان، وەکو هەڵبژاردنەکانی پێشوو، تەنها تای هەڵبژاردن لایەنەکانی گەرم نەکردووە، بەڵکو لەرزوتا دایگرتوون و لەبەردەم مەترسییەکانی دەستەبەرنەکردنی پێگەی دەسەڵاتیان، لە وتار و ڕەفتار و گوفتاریاندا، زەق دیارە، هەڵدەلەرزن. بێئاگا لەوەی هەتا ناکۆکیی سیاسی لە هەڵبژادندا قوڵبکەنەوە، ئاسایشی سیاسیی نەتەوەکەمان دەخەنە بەردەم ئەو مەترسیانەی بە دڵنیاییەوە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لە نێوان زلهێزەکان و زلهێزە ئیقلیمیەکاندا، لە موبەقی شاردراوەی بەرژەوەندییەکاندا دەکوڵێندرێ!" ( بەختیار،٢٠٢١).

گەرچی ئەم دۆخە بە دیوێکدا ئاماژەیە بۆ نەخۆشی کایەی سیاسی لەگەڵ ئەوەشدا، ڕووبەڕووبوونەوەی پارتە سیاسییەکان لەم ئاستەدا و هەوڵی بەدەستهێنانی دەنگ بەم جۆرە باشترە لە پەنابردن بۆ شەڕ و ململانێی چەکداری. هەڵبژاردن تەنها فاکتەری ئاشتیانەی دەستاودەستکردنی دەسەڵاتە و باشترین ڕێگایە بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکان لە هەموو ئاستەکاندا: "هەڵبژاردن و پرۆسەی دیمۆکراسی ئەگەر هێواش و درێژخایەنیش بێت، ئێستا سەدانجار لە کردەوی دراماتیکی و شۆڕشگێڕانە باشترە. ئاکتی گۆڕانکاری خێرا جگە لە ئاڵۆزکردنی بارودۆخ و بەرهەمهێنانەوەی بارودۆخێکی خراپتر لەوەی پێشوو شتێکی دیکەی لێ سەوز نابێت" (ئافەند، ٢٠٢٠).

ڕەفتاری سیاسی بابەتێکی گۆڕاوە و دەکەوێتە ژێر کاریگەریی زۆر فاکتەری جۆراوجۆر وەکو بەرزبوونەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی – ئابووری کە دەبێتە هۆی گۆڕینی ڕەفتاری کەسێک یان گروپێک. هەندێک لە توێژەران پێیانوایە تیۆرەکانی ڕەفتاری دەنگدان تایبەت بە دونیای ڕۆژئاوا پراکتیزەناکرێن بەسەر ئەو وڵاتانەی کە لە مومارەسەکردنی دیموکراسیدا

نوێن وەکو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەناویشیاندا کوردستان. بە نموونە "میشیل ڤینڤیۆرکا Michel Wieviorka لەو باوەڕەدایە کە ئەم تیۆریانە ناتوانن ڕەفتاری دەنگدان لە دیموکراسییە نوێیەکان وەکو هەرێمی کوردستان ڕاڤەبکەن، کە دیاردەی پەرتی سیاسی و نەریتی دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی تازە سەریانهەڵداوە و تازە لە دیکتاتۆری ڕزگاریان بووە و تائێستاش لەژێر هەڕەشەی دەرەکیدان.

گەر بێت و ئەو چەند هەڵبژاردنەی کە لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە، گۆڕانکاری بەرچاو ڕووی داوە لە بیرکردنەوەی تاکی کوردی، بە جۆرێک بەشداریکردن و نەکردنی لە پرۆسەی دەنگداندا، هێندەی لەژێر کاریگەری ئەو هۆکارانەدا دەنگدەدات کە پەیوەندیدارن بە ماف و پێداویستی و خزمەتگوزارییەکانەوە، هێندە لەژێر کاریگەریی فاکتەرەکانی دیکەدا نییە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کاریگەری هۆکاری خزمایەتی و خێڵ و هۆز شێخ و... هیتر کەم بۆتەوە.

**چوارم. ئایین:**

هۆکاری ئاینی لە بەشێک لە وڵاتانی جیهاندا کاریگەرییەکەی دیارە و ڕۆڵی هەیە لە دروستکردنی هاوسۆزیی دەنگدەران لە بەرانبەر هێزێک یان کەسایەتییەکدا. لەو توێژینانەوانەدا کە لە وڵاتانی جیاجیا ئەنجامدراون ئەوە دەردەخەن کە ئاین کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی لەسەر ڕەفتاری دەنگدان هەیە، هەرچەندە هەندێک دانبەوەدادەنێن کە ڕەنگە هۆکارە ئاینییەکان بە بەراورد لەگەڵ پێشوو یان هۆکارەکانی دیکە لاوازتر بن، بەڵام باس لەوە دەکەن کە هێشتا ڕەنگدانەوەی لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردن هەیە. نووسەرانی قوتابخانەی کۆڵۆمبیا پێشتر ڕەچاوی ئەوەیان کردووە کە هەڵسوکەوتی تاکەکەسی چەندە پشت بە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی دەبەستێت. هەندێک لە توێژینەوەکان جەخت لەسەر شیکردنەوەی تایبەتمەندیی بیروڕای ئاینی تاکەکان دەکەن. لەو شوێنانەی

جیاوازییەکی بەرچاو هەیە لە پێکهاتەی ئاینی ناوچەکان، جیاوازیی بەرچاو بەدیدەکرێت لە ئاستی بەشداری لە هەڵبژاردندا. ئەمە دەرفەت پێشکەشدەکات بۆ ناسینەوە و پشکنینی کاریگەرییەکانی گوتاری ئاینی، ئامانج لەمەش شیکردنەوەی کاریگەریی ژینگەی ئاینییە سەبارەت بە ئاراستەی سیاسی کە لەوانەیە کارلێک لەگەڵ ئاراستەی تاکەکەسیش بکات. ئەم کاریگەرییانە لە توێژینەوەی هەڵبژاردندا بەدیارکەوتوون (گۆڵدبێرگ،٢٠١٤، ٣٠٠-٣٠٩).

"ڕۆناڵد ئینگلهارت" کە جەخت لەسەر کاریگەریی فاکتەرە نامادییەکانی وەک ئاین – دەکات: "بە پێچەوانەی بەشێک لە توێژەران لەوباوەڕەدایە، کە کێماسی ئەو بیروبۆچوونانەی کە فاکتەرە کلتوورییەکان بەهەند وەرناگرن ڕۆژبەڕۆژ پتر دەردەکەوێت بە تایبەتی کە دەبینین کڵێسای کاتۆلیک، ئاینی ئیسلام و ئاینی کۆنفۆشیوس ڕۆڵێکی زۆر کاریگەر و چالاک لە بواری سیاسیدا دەبینن، کە چاوەڕوانکراو نەبوو بەو شێوازە کاریگەریی ئاین لە سەر ڕەفتاری دەنگدان بە تایبەتی لە وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان پێش هۆکاری پێگەی چینایەتی کەوتووە و کاریگەریشی هێشتا هەر لە پەرەسەندندایە" (ئەحمەد،٢٠٠٩، ٤٤)

لە هەرێمی کوردستاندا ئەوەی تێبینی دەکەین کاریگەریی فاکتەری ئاینی بەراورد بە پێشتر هێزی کەمتر بۆتەوە، چی لەسەر ئاستی هێزە عەلمانییەکان کە لە زۆر کاتدا کەڵکیان لەم هۆکارە وەرگرتووە، یان لای پارتە ئیسلامییەکان کە لە  هەڵبژاردنی دواییدا لە ٢٠٢١/١٠/١٠  ڕێژەی دەنگیان دابەزین. دەکرێ هۆکاری ئەمەش وەک ئاماژەیەک بۆ تێگەیشتنی دەنگدەر لە بەکاربردنی ئاین وەک ئایدیۆلۆجیای سیاسی لێکبدەینەوە، بەوەی کە خەڵک هێندەی جەختی لەسەر ئەوەیە کە هێزی نوێ بەرنامەی نوێ ئاستی بژێوی و ژیانی بەرەو باشتر بەرێت، هێندە لەژێر کاریگەریی گوتاری ئاینیدا دەنگنادات. ئەوەی وا دەکات ئەم دیدگایە بۆ مامەڵەکردن

لەگەڵ ئاین وەک ئایدیۆلۆجیا زاڵ بێت، کاریگەریی هەلومەرجی ژیان و کردەی سیاسی هەندێک لە کاراکتەرە سیاسی و ئاینییەکانە. بۆ نموونە عەلی باپیر وەکو یەکێک لە سەرکردە دیارەکانی یەکێک لە هێزە ئیسلامییەکان، لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکان و ئەو کاتەی پەرلەمانی کوردستان لە سەرەتاکانی دروستبوونیدا بوو، دامەزراوەی پەرلەمانی وەکو بیدعە وێنا دەکرد و لە دژی پرۆسەی دەنگدان دەوەستایەوە بەو پێیەی کە سەرچاوەی یاسادانان تەنها شەریعەتی ئیسلامییە نەک پەرلەمان (باپیر، ٢٠٠٧،٢٤٠) بەڵام چەند ساڵێک دواتر ئەم هەڵوەێستەی گۆڕانکاریی گەورەی بەسەرداهێت لە ساڵی (٢٠٠٥) دا و بۆخۆی دەبێتە ئەندامی پەرلەمان لە پەرلەمانی کوردستاندا.

لەم ساڵانەی دوایی و لەگەڵ هەڵکشانی تەوژمی سەلەفی لە هەرێمی کوردستاندا، پرسی پەیوەندیی نێوان ئاین و سیاسەت دیدگای جیاواز لە دیدگاکانی پێشوو دروستبووبوو. بە جۆرێک دیدگایەکی نوێ بۆ ئەم پرسە هاتە ئاراوە ئەویش لە ژێر کاریگەریی گوتارێکی ئاینیی جیاوازدا کە پرسی سیاسەت و نوخبەی دەسەڵاتدار دەبەستێتەوە بە پرسی وەلی ئەمر بە مانا دینیەکەی و دژایەتیکردنی نوخبەی سیاسی وەکو دژاییکردنی وەلی ئەمر وێنادەکات (ئەم پرسە زیاد لە جارێک لە لایەن یەکێک لە ڕێبەرە دیارەکانی ڕەوتی سەلەفی لە هەرێمی کوردستاندا ئاماژەی پێکراوە)، ئەمەش لەلایەک کاریگەریی لەسەر شوێنکەوتووانی ئەم ڕەوتە دروستدەکات لە پرسی دەنگداندا، لەلایەکی دیکە وەکو تێڕوانینێکی ئایدیۆلۆجی دەردەکەوێت بەوەی ئەم شێوازە لە سەیرکردنی پرسە سیاسییەکان لە هەریمی کوردستاندا، لە دواییدا بە قازانجی ئەو هێزانە دەشکێتەوە کە خاوەنی بڕیارن و دەسەڵاتی سیاسیی ئەم هەرێمە لە دەستی ئەواندایە. هەربۆیە لە هەردوو ئاستەکەدا، ئەم تێڕوانینە هێندەی ئایدیۆلۆجی دەردەکەوێت هێندەی وەکو تێڕوانینێکی ئاینی دەرناکەوێت.

لێرەوە، دەتوانی ئەنجامگیری ئەوە بکەین کە ئاین لە ئێستادا و لە پەیوەندیدا بە پرسی دەنگدانەوە، ئەو هێزە کاریگەرە نییە چ لە هاندانی خەڵک بۆ دەنگدان یان لە خۆبەدوورگرتن لە دەنگدان. لەلایەکی تر، هەڵویستی پارتە سیاسییەکان لە ڕووی دەستگرتن و پابەندبوون بە ئایدۆلۆژیاوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە لە پەسەندکردن و گرتنەخۆی پاڵێوراوەکان لە لیستەکانیان بۆ هەڵبژاردنەکان، لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا ئەگەر پارتێکی سیاسی لە بنەڕەتدا دروستبووبێت لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژی (علمانی، سۆشیال دیموکرات، کۆمۆنیستی و ئاینی) بەڵام لە ڕووی کردەییەوە تا ئەندازەیەکی زۆر کاری پێناکرێت و دەستبەرداری بووە ئێستا تەنها بە دروشم ماوەتەوە و کاری پێناکات، پاڵپشت بەوە سەرجەم پارتە سیاسییەکان لە هەڵبژاردندا هەوڵدەدەن هەمەچەشنەیەک لە کاندیدەکان دروستبکەن، تەنانەت لیستەکانیان پێکدێت لە کەسایەتی علمانی، ئاینی، چەپەکان و ڕاستەکان.

### پێنجەم: ئابووری:

بۆ ئەوەی دەربارەی کاریگەریی هۆکاری ئابووری لەسەر پڕۆسەی دەنگدان قسە بکەین، سەرەتا پێویستە سەرنجێکی کورت دەربارەی پەیوەندیی نێوان ئابووریی دیموکراسی بخەینەڕوو، بەو پێیەی دەنگدان یەکێکە لە پایە سەرەکییەکانی هەر سیستمێکی دیموکراسی. دیارە ئەم پەیوەندییە پەیوەندییەکی ئاڵۆزە و دیدگای کۆمەڵناسەکان لەم بوارەدا وەک یەک نییە (اسود،١٩٩٠، ٣٨٢_٣٨٣). لە نێو تیۆرەکانی کۆمەڵناسی گەشەپێداندا، هەندێک لە کۆمەڵناسەکان باس لە کاریگەریی هۆکاری ئابووری دەکەن و وەک بنەمای بەرقەراربوونی دیموکراسی سەیری دەکەن، وای دەبینن پرسی داهات و بژێوی و خۆشگوزەرانیی خەڵکی بۆخۆی هاندەری گەورەن لە دروستکردنی متمانە و بەشداریی خەڵکی لە پڕۆسەی دەنگداندا، بەڵام هەندێکی دیکە بە گومانەوە سەیری ئەم

پەیوەندییە دەکەن و لەو بڕوایەدان کە ئاستی ئابووری و بژێویی خەڵکی خۆبەخۆ دیموکراسی بەرقەرار ناکات، وڵاتانی نەوتی وەکو کەنداو و نەیجیریا و چەندین وڵاتی دیکە نموونەی بەرچاون لەم ئاستەدا.

لە باسی کاریگەریی هۆکاری ئابووریدا، پرسی چینایەتی و ڕەنگدانەوەی لەسەر دەنگدەر دیار و بەرچاوە. دەنگدانی چینایەتی ئاماژە بە مەیلی خەڵک دەکات کە لە چینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا دەنگ بدەن بە پارتێکی سیاسی یان کاندیدێکی دیاریکراو نەک بژاردەیەکی جێگرەوە، کاتێک بەراوردەکرێت لەگەڵ دەنگدەران لە چینەکانی تردا" (ئیڤانس،٢٠١٦، ١٧٦). ئەم بیرۆکەیە مشتومڕی ئەکادیمیی بەرفراوان و بەردەوامی دروستکردووە لە زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا. توێژینەوە نوێیەکانی دەنگدانی چینایەتی بە شێوەیەکی سەرەکی سەرنجیان خستۆتە سەر ڕاپرسییە گەورەکانی دەنگدەران. ئەم ئاستەی ڕاپرسی لە سەرەتاکانی دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە فراوانبووە لە لێکۆڵینەوەکانی هەڵبژاردنی نەتەوەیی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و چەند وڵاتێکی تر.


بەگوێرەی هەندێک لە ڕاپرسییەکان کە لە چەند ناوچەیەکی جیاجیای ئەوروپا و ئەمریکا ئەنجامدراون ئەوە بەدیارکەوتووە کە دەنگدەری چینی کرێکار زیاتر دەنگ دەدەن بە پارتە چەپەکان و بەرزترین ئاستی دەنگدانی چینایەتیی ویلایەتە یەکگرتووەکان و کەنەدا نزمترین بووە. (ئیڤانس،٢٠٠٦، ٢٣-٣٤) چینی کرێکار زیاتر ڕوو لەو کەس و لایەنانەدەکات کە بیروبۆچوونیان لە چەپەوە نزیکترە؛ یەکێک لەو خاڵانەی لە زۆرینەی کەمپینەکانی هەڵبژاردنی ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپیدا قسەی لەسەر دەکرێت مەسەلەی باج و ژیانی چینی مامناوەندە، چونکە چینی مامناوەند زۆرینە و یەکلاکەرەوەن، هەر هێز و کاندیدێک خوازیارە سۆزی ئەم زۆرینەیە بەلای خۆیدا ڕاکێشێت.

به ڕای توێژەر ڕەنگە ئەم فاکتەرە (چینایەتی) لە هەرێمی کوردستاندا کەمتر کاریگەری هەبێت، چونکە ئەو دابەشکارییە چینایەتییە بەو شێوازە ڕوون نییە و هەموو ئەو ڕێکخراو و سەندیکایانەی پاڵپشتی لە چین و توێژە جیاوازەکان دەکەن سەر بە پارتە سیاسییە گەورەکانن نەک گوزارشتبن لە داواکاریی چینێکی دیارکراو. جگەلەوەی شێواز و پێکهاتە و کاریگەرییەکانی چینەکان ڕوون نییە و لەگەڵ ئەوشدا گوتاری پارتەکان لەم بارەیەوە ئەوەندە کۆنکرێتی نین. هەرێمی کوردستان ژێرخانێکی ئابووری بەهێزی نییە و بارودۆخی خراپ و بژێوی ژیانی تاک لای خەڵکی بە گشتی و گەنجان بە تایبەتی کاریگەری نەرێنی دروستکردوە لە پەیوەندیدا بە پرسی بەشداری سیاسیەوە. کە ئەمەش بۆتەهۆی بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان و کۆچی فراوانی گەنجان بۆ دەرەوەی کوردستان. هەروەها دروستبوونی بێمتمانەیی و گرنگینەدان بە داواکریی چین و توێژە جیاوازەکان، ئەوەش کاردانەوەی لەسەر دەنگدانی چینایەتی دروستکردووە.


کاریگەریی هۆکاری ئابووری لەسەر پرۆسەی دەنگدان لە هەرێمی کوردستاندا، تا ئەندازەیەکی گەورە بەدیدەکرێت. ئەو قەیرانە ئابوورییە گەورە و مەترسیدارەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، کە بەهۆی سیاسەتی هەڵەی پارتە دەسەڵاتدارەکان و خراپیی بەکارهێنانی سەروەت و سامانی سروشتییەوە زیاتر برەوی سەندووە. خەڵک لە ئێستادا ئاگاداری ئەم هاوکێشانەیە و ئەمەش بە ڕۆڵی خۆی کاریگەریی گەورەی لەسەر لاوازبوونی متمانەی خەڵک بە هێزە سیاسییەکان دروستکردووە. ئەمەش نەک تەنها بەرانبەر ئەو هێزانەی بڕیاری سیاسی لە هەرێمدا دروستدەکەن، بەڵکو ئەو هێزانەی دیکەش کە بەشداریی پێکهێنانی حکومەتیان لە کابینە جیاجیاکاندا کردووە. واتە ئاڕاستەی خەڵک ڕووە و سیاسەت لەم ئاستەدا بەو جۆرەیەکە هێزەکانی دیکەی دەرەوەی دوو هێزە سەرەکییەکە ناتوانن لە ڕێگەی هەڵبژاردنەوە کاریگەری لەسەر

پرسە ئابوورییەکان و ئاستی بژێوی و دەرامەتی هاوڵاتی دابنێن و دۆخی خەڵکی و بژێویی ژیان ڕووە و باشتر بەرن. تەنانەت لە نێو پارتە سیاسییەکانی کوردستان کاریگەریی ئابووری و بەکارهێنانی مادە بەرچاودەکەوێت بەسەر خودی دەنگدەر و گۆڕینی ڕەفتار و هەڵوێستی لە دەنگدان. سەرەتایەکی خراپ دەستی پێکردووە لەسەر کاریگەرییەکە لە دوو لایەنەوە، لایەنی کاندید لە ڕێگەی ئابووریەوە ئینجا ڕاستەوخۆبێت بە پێدانی پارە یاخود ناڕاستەوخۆ بێت لە ڕێگەی دیاری، و لایەنی دەنگدەر بە هۆی بوونی داواکاریی زۆر لە لایەن دەنگدەرانەوە بە شێوەیەک خەریکە کاریگەرییەکە دەگاتە ئەندازەیەک دەرفەتی بردنەوە زیاتر بۆ ئەوانە دەرەخسێنێت کە لە ڕووی ئابوورییەوە دەتوانن کاریگەری لەسەر دەنگدەر دروستبکەن. دەتوانین تێبینی ئەوە بکەین کە هەڵکشانی قەیرانی ئابووری لەم چەند ساڵەی دواییدا، هاوکاتی دابەزینی ڕێژەی دەنگدان و متمانەی خەڵکییە بە هێزە سیاسییەکان.

خشتەی ژمارە یەک ڕێژەی بەشداربووان لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان ( ١٩٩٢ – ٢٠١٨) " ١ "



خشتەی ژمارە دوو ڕێژەی بەشداربوان لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٠٥ – ٢٠٢١) " ٢ "




خشتەی ژمارە چوار ئەنجامی بەراوردی ڕێژەی بەشداربوونی دەنگدەران لەنێوان سێ هەڵبژاردن

| ژ.دەنگدەر 2014 | ژ.دەنگی دروست 2014 | ژ.دەنگدەر 2018 | ژ.دەنگی دروست 2018 | ژ.دەنگدەر 2021 | ژ.دەنگی دروست 2021 |
|---|---|---|---|---|---|
| 2,934,613 | 2,167,768 | 3,361,551 | 1,810,709 | 3,459,705 | 1,261,148 |
| | | | | | |

ئەگەر سەرنجی خشتەی ژمارە یەک و دوو بدەین جیاوازی نێوەن هەڵبژاردنەکانی ساڵەکانی ٢٠١٤ و ٢٠١٨ بریتییە لە ( ٣٥٧،٠٦٢) دەنگ، بەڵام لە خشتەی ژمارە دوو و سێ جیاوازیی نێوان هەڵبژاردنەکانی ساڵەکانی ٢٠١٨ و ٢٠٢١ بریتییە لە (٥٤٨،٥٥٨) دەنگ.

له هەردوو خشتەی یەک و سێ جیاوازیی نێوان هەڵبژاردنەکانی ساڵی ٢٠١٤ و ٢٠٢١ بریتیە لە( ٩٠٦،٦٢٠) دەنگە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بەشداریی خەڵک لە پرۆسەی سیاسی و دەنگدان لە پاشەکشەدایە لە هەرێمی کوردستان، کە ئەم پاشەکشێیە لەسەر ئاستی دەنگدەری سەرجەم پارتە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانە.

**دەرەنجام و پێشنیاز:**

١.هەڵبژاردن تاکە بژاردەی گۆڕانی سیاسییە بە شێوەیەکی نەرم و دوور لە توندوتیژی، لەگەڵ ئەوەی لە هەرێمی کوردستان تەجروبەیەکی نوێیە، بەڵام هۆشیاریی هەڵبژاردن لای تاکی کورد لە هەڵکشاندایە.

٢. شەرعیەتی شۆڕشگێری وەک ئایدیۆلۆجیا، بە تایبەتی لای دەسەڵاتدارەکان هێشتا وەک گوتاری سیاسی باو بۆ مانەوە لە دەسەڵاتدا کاری لەسەر دەکرێت.

٣. ئۆپۆزسیۆن لەگەڵ ئەوەی بەچەند قۆناخێکدا تێپەڕی لایەنی گەشی پێشاندا، بەڵام لە هەرێمی کوردستان نەبۆتە مۆدێلێکی بەهێز وەکو لایەنی دووەمی حکومدارێتی.

٤.دەنگدەری هەرێمی کوردستان لەژێر کاریگەریی هەردوو فاکتەری هەلومەرجی ژیان و دابینکردنی پێداویستی و مافەکان لە لایەک، و کاریگەریی خێڵ و خزمایەتی و وەلائی سیاسی لە لایەکی دیکە دەنگ دەدەن. کار و بەرنامەی لایەنە سیاسییەکان یان بەربژێرەکان کەمتر جێی بایەخە لای دەنگدەر.

٥.هەڵبژاردن نەیتوانیوە لە ناوەڕۆکدا هەیمەنەی دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان نەهێڵێت یان کەمیبکاتەوە.

٦. خراپی بژێویی ژیانی تاک و باری ئابووریی هەرێمی کوردستان خەڵکی بە گشتی بێئومێد کردووە بە تایبەتی لای گەنجان، دیارترین لێکەوتەی نەرێنی بایکۆتی پرۆسەی سیاسییە لەسەر ئاستی هەرێمی کوردستان و کۆچی بەکۆمەڵە.

**پێشنیاز:**

١.بابەتی هەڵبژاردن ببێتە مادەیەک لە قۆناغەکانی خوێندن و گرنگی پێبدرێت.

٢.ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەوڵی زیاتر بدەن لە وشیارکردنەوەی دەنگدەران بۆ بەرزکردنەوەی وشیاریی دەنگدان و بەشداریکردنیان.

٣.دەرکردنێکی یاسایەک بۆ هەڵبژاردن کە بگونجێت لەگەڵ واقعی هەرێمی کوردستان، لای زۆرینەی هەرەزۆری خەڵکی هەرێمی کوردستان قبوڵکراوبێت.

٤.ڕێکخستنەوەی یاسای پارتە سیاسییەکان بە ئاراستەی بوون بە پارتی دەنگدەر.

٥.بوونی کۆمسیۆنێکی سەربەخۆ و چالاک بۆ سەرپەرشتیی پرۆسەی دەنگدان و سەرژمێرییەکی دروست لە هەرێمی کوردستان و عێراق.

## سەرچاوەکان:

### ١.سەرچاوە کوردییەکان:


- ئەحمەد، جلال، پاشخانی کۆمەڵایەتی و بەشداری سیاسی لە هەرێمی کوردستان، لە کتێبی سیاسەت و کۆمەڵگا، ئامادەکردنی ئیحسان وەلْزی و موسلْح ئێروانی، چاپخانەی، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٠.

- بۆتۆل، گاستۆن، کۆمەڵناسی جەنگ، و: مەنسور تەیفوری،چاپخانەی تیشک، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٦.

- بۆکانی، سابیر، میتۆدی توێژینەوەی زانستی،خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، چاپی دووەم، سلێمانی ساڵی ٢٠٢٠.

- بەشیری، حوسێن، بنەماکانی زانستی سیاسی، و: ئەبوبەکر کاروانی، چاپخانەی چاپ و پەخشی حەمدی، چاپی دووەم، ساڵی ٢٠٠٩.

- تۆڕی میدیای ڕووداو، بەرنامەی هەڤپەیڤین لەگەڵ مەلا بەختیار، وەڵامی چەند پرسیارێکی ڕەنج سەنگاوی دەداتەوە، ٢٤ی کانونی یەکەم ٢٠١٨.

- حەسەن، چواس، سیستەمەکانی هەڵبژاردن و پێوەرەکانی هەڵبژاردنێکی ئازاد و بێگەرد،چاپخانەی موکریان، چاپی یەکەم، ساڵی٢٠٠٧.

- حەکیم، موراد و ئەمیر، لەیلا،کۆمەڵگای کوردستانی باشور لەنێوان یەکگرتویی وپەرتەوازەییدا، لە کتێبی سیاسەت و کۆمەڵگا، ئامادەکردنی ئیحسان وەلْزی و موسلْح ئێروانی، چاپخانەی، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢٠.

- خورماڵی، ئیسماعیل حەمە عەلی، پارتە سیاسییەکانی باشوری کوردستان لەنێوان هەڵکشان و داکشاندا،چاپخانەی ناوەندی سارا، چاپی یەکەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠٢٠.

- زێباری، طاهر حسو، ڕێبازەکانی توێژینەوەی زانستی لە کۆمەڵناسی، و: شەهلا وەلی جبار، نوسینگەی تەفسیر چاپی کردوە، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠١٨.

- سەمیرە، فەرهەنگی زاراوەی کۆمەڵناسی، و: خەسرەو میراودەلی، چاپخانەی چوارچرا، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٠٧.

- شوانی، محمەد،سەرەتایەک بۆ توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا،چاپخانەی هێڤی، چاپی یەکەم، هەولێر ساڵی ٢٠١٥.

- صابر، لیندا عبدلسلام، کاریگەری ڕۆشنبیری سیاسی لەسەر گۆڕانکارییە دیموکراتیەکان لەهەرێمی کوردستان، نامەی ماستەر، زانکۆی سلاحەدین، کۆلێژی زانستە سیاسییەکان، ساڵی ٢٠١٦.

- عەلی، عادل، بەشداری سیاسی، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی ساڵی ٢٠١١.

- کۆلیس، ڕانداڵ، سۆسیۆلۆژیای ململانێ ، و: یاسین محەمەد و بەهمەن ئەحمەد، چاپخانەی کاروخ، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٤.

- محەمەدی، حیدەر ڕەزا ملک، پایەو بنەماکانی سیاسەتی گشتی، و: محەمەد کەریم خان، چاپخانەی کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدی خانی، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٩.

- نەجار، شێرزاد، چۆن سیاسیانە بیر بکەینەوە، لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری گوڵان، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠٢١.

- یاسین، بورهان، لەقوڵایی سیاسەتدا، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم، ساڵی ٢٠١٦.

**نامەی ماستەر:**

- ئەحمد، شاکر حسین،ڕەفتاری دەنگدان لەهەرێمی کوردستان بۆ هەڵبژاردنی پەرلەمان ٢٠٠٩، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆمەڵناسی، ساڵی ٢٠١١.

- سۆفی، ڕێبین محەمەد،مافەکانی گەلی کورد لەدەستوری ٢٠٠٥ی عێراق، لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری و بەراوردکارییە، چاپ نەنوسراوە، سلێمانی،ساڵی ٢٠٠٧.

**سەرچاوەی ئەنتەرنێت:**

- ئافەند، مەولود، هەڵبژاردن و بەشداریکردن، لێکۆڵینەوە، سایتی کوردستان پۆست ٢٠٢٠/٧/٢. www.kurdistanpost.nu

- ئیبراهیم، شیروانی، هەردەم دوای هەڵبژاردن، وتار لە ٢٠٢٢/١/٢٠

- www.negativgroup.org

- قەرەداغی،عطاء، سرووشتی دەنگدان و سایکۆلۆجیای دەنگدەر لە کوردستان، ٢٠١٣/١٠/١٤ www.wtarikurd.info

- مەلا بەختیار، هەڵبژاردن و ئاسایشی سیاسی، ووتار ٢٠٢١/١٠/٩ لە www.badinan.org

**٢. سەرچاوە عەرەبیەکان:**


- البرزنجی،سرهنگ حمید، انتخابات اقلیم کوردستان عێراق، موسسه موکریان للطباعه والنشر، کوردستان، اربیل ٢٠١٢.

- بیبرس،ایحان، المشارکه السیاسیه للمراه فی الوطن العربی، جمعیه نهوض وتنمیه المراه، قاهره ٢٠١٠.

- فوزی، صلاح الدین، النظم والاجراءات الانتخابیه، القاهره، دار النهظه العربیه، ١٩٨٥.


**٣. سەرچاوە ئینگلیزیەکان:**


- Acemoglu, D., S. Johnson, J. A. Robinson, and P. Yared. 2008. “Income and Democracy.” American Economic Review 98 (3).

- Evans, G. and Whitefield S. (2006). ‘Explaining the rise and persistence of class voting in postcommunist Russia, 1993–2001, Political Research Quarterly, 59:

- Evans,Geoffrey , 2016 , S0cial class and voting , in book: The SAGE Hand book of Electoral Behavior ,Chapter 9 publisher ,Editors: Arzheimeret al , university of Oxford.

- Gerdes, E, & Kelman, J. (1981). Sex discrimination: effects of sex-role incongruence, elevator sex, and stereotypes. Basic and Applied Social Psychology.

- Golderg,Andreas C , 2014, The Impact of Religion on Voting Behavior- Amultilevel Approach for Switzerland.

- Greenstein,F &Polsby,N(e.d) 1975 , Non- Governmental Politics ,, Hand book of PoliticalSeince , Vol(4) California Addison Wesley Publishing Company.
- Holmberg , Rottlej S، 2008. Partisanship reconsidered. In R. J. Dalton & H.-D. Klingemann (Eds.), The Oxford handbook of political behavior (pp. 557-570). Oxford: Oxford University Press.
- Karl, Deutsch ,2020 , Theories political Behavior. www.scu.edu
- Smith, J, Paul, D, & Paul, R. (2007). No place for a women: evidence for gender bias in evaluations of presidential candidates. Basic and Applied Social Psychology.
- Smith, J, Paul, D, & Paul R, 2007.Same source
- Stigman Stigman [ 1995 ] 1999:104 ; CF Stegman and Stegman Sponsor 1995:966 )

**خشتەکان:**

- خشتەی ژمارە (١) درەو میدیا ٢٠٢١/٤/١٩ www.drawmedia.net
- خشتەی ژمارە (٢) دەزگای گشتی هەڵبژاردن ( پارتی دیموکراتی کوردستان ).

**ملخص البحث:**

في هذه الدراسة، تؤثر العوامل المعروضة على عملية التصويت وتلعب دورًا في تغيير نتائج الانتخابات. بعض هذه العوامل تشمل: الخلفية الاجتماعية، والأيديولوجية، والدين والاقتصاد. كل من هذه العوامل يقارن بطبيعة الانتخابات وعملية التصويت في اقليم كوردستان، سواء الانتخابات في اقليم كوردستان او الانتخابات التي جرت في العراق. تم استخدام كل من الطرق الوصفية التحليلية والمقارنة في هذه الدراسة.

بعد عدة انتخابات في اقليم كوردستان ومر بعدة مراحل من التناقض وتأثير العوامل الخارجية والوضع المالي للناس بشكل عام والشباب بشكل خاص، تغير الوعي بالتصويت بشكل كبير ورصد وتحفيز الشارع السياسي في اقليم كوردستان. على الرغم من أن التغييرات التي تسببها الانتخابات بطيئة وعفوية، إلا أنها مهمة واستراتيجية وسيكون لها تأثير طويل المدى على المجتمع.

على الرغم من أن هذا التأثير أقل وضوحًا في إقليم كوردستان، فقد أحدث أيضًا عددًا من التغييرات السياسية التي تركز عليها هذه الدراسة.

**The summary of the research was:**

In this study, the reasons presented work not on the voting process and play a role in changing the election results. Some of these are: social background, ideology, religion and economy. Each of these reasons has been compared to the nature of the election and the voting process in the Kurdistan Region, whether the kurdistan regional elections or the iraqi-level elections. In this research, both methods of describing analysis and comparison have been benefited from it.

After several rounds of elections in the Kurdistan Region, passing stages of instability, the effectiveness of foreign affairs, and the decline in the financial situation of people in general and young people in particular, the awareness of voting in the Kurdistan Region has changed dramatically, and opposition and civil society organisations have played an effective role in raising awareness of citizens, monitoring and provoking the political streets in the Kurdistan Region. Although the changes made by the elections are slow and slow, the changes are important and strategic and will have a long-term impact on society, with less impact in the Kurdistan Region, but it has brought about a number of political changes that this research cares about.